
# تابووت لە تابووتدا


## (بۆ دەیەمینساڵوەگەڕی کۆچی هوشەنگ گوڵشیری)

**بەڕۆژ ئاکرەیی**



**هوشەنگ گوڵشیری**

هێشتا دەنگی کۆکینی تۆ لە سەرمدا ڕایدەکرد و قورسایی ئێوارە گەرم و شێدار و هەتیوەکەی "ئەکباتان" لەسەر شانەکانم بوو کە تارانم بەجێ هێشت. دواتر ئێرانم کە بە جێ هێشت، لە نەخۆشخانە بوویت و کە لە کوردستانەوە تەلەفۆنم بۆ کردی، باش نەبوویت، دواتریش کە ئیتر نەبوویت، لە ئەستەنبۆل بووم و سبەینێکەی دەبا چووبامەوە ستۆکهۆلم. ڕۆژەکەیش هەر ئەو ڕۆژە بوو کە ئەستەنبۆل گەرم بوو و بڕیار بوو مەیتەکەی "نازیم حیکمەت"لە مۆسکۆوە بهێنرێتەوە زێدەکەی خۆی. من لەگەڵ برادەرێکی کوردی باکووردا و لە دەزگای پەخش و بڵاوکردنەوەیەکی ناوەڕاستی شاردا و نزیک لەو شەقامە بووین کە بە تەما بوون هەر لەوێوە مەیتی "نازیم" بەرەو گۆڕستانی نازانم چی و بەرەو کوێ ببردرێ. ئیمایلەکەی "نووری"م هەر لەوێ کردەوە. «باد نیوز» و هیچی تر. هەڤاڵە کوردەکەم بە تورکی و لەگەڵ برادەرەکەیدا خەریکی باسوخواس و سیاسەت و حیکمەت و حکوومەت بوو و بە کوردی بەس پێدەکەنی. «بادنیوز؟ باد.. نی.. وز»؟ من لە زەینمدا کوێرانە پەلم دەکوتا و دەڕۆیشتم و دەگەڕام و نە لە واتای ئەم دوو پەیڤە دەگەیشتم و نە دەمزانی تەنانەت بە چ زمانێکە؟ «ڕزگار!» دەستم هەڵێنا. دەستی "ڕزگار" لەسەر شانی برادەرە سمێڵبابرەکەی بوو و هەردووکیان پێدەکەنین. ڕزگار دەستمی بینی و بەرەو لام هات و گوتی: «ئەم کۆنەکۆمۆنیستەمان...» گوتم: «ڕزگار!.. بادنیوز یانی چی؟.. بە چ زمانێکە؟»ورتەیەکی کرد: «بادنیوز؟» بزەی لێوەکانی ڕەوییەوە: «ئینگلیزییە، بۆ دەپرسی؟» گوتم: «دەکرێ تەلەفۆنێک بکەم؟ بۆ تاران!...»تەلەفۆنم بۆ نووری و چەند برادەرێکی تر کرد و هیچ کام لە تەلەفۆنەکان وەڵامیان نەبوو. پاشان هەرچییەکم کرد نەمتوانی و نەمزانی دەبێ چی بڵێم و بە کێ؟ بە کوردی دەبا بمگوتبا بە ڕزگار، کە تۆ کێ بوویت و ئەویش بە تورکی و بە برادەرەکەی گوتبا کە من چیم گوتووە و منیش سەرلەنوێ بە کوردی و بە ڕزگارم گوتبا کە تۆ چییەکانت چۆن نووسیون و ئەویش بە برادەرەکەی و بە تورکی.. نا! هەرزان بوو قسەی لەم چەشنە، دایکم گوتەنی؛ لەو کاتەدا. پاشان کە هەڵتەک هەڵتەک بە پلیکانە کۆنەکاندا داگەڕامو گڵۆپی دالانە تەسک و تاریکەکە کوژایەوە و هەڵبوو و کوژایەوە و پلیکانەکان بە دەوری شوورەیەکی باریک و ڕەشدا ڕووەو خوارەوە پێچیان خوارد و دەتگوت قەت تەواو نابن؛ تەواو نەدەبوون. نازانم بۆچی پێچم خواردەوە و کەوتمە نێو هەمان ئێوارە گەرم و شێدار و هەتیوە گۆرینەکەی "ئەکباتان"ـەوە کە من و حوسێن بە تەما بووین بڕۆین و تۆیش بە بیانووی بەڕێکردنمان و لەوەش گرنگتر، جگەرەکێشان، هاتبوویتە دەرەوە. جگەرەمان هەر لەوێ و لەبەر دەرکەی ماڵەکەتان، داگیرساند و قسە قسەی ڕاکێشا و ئێمەی گەیاندە شەقامە درێژەکەی پشت ماڵەکەتان. تۆیش، لەڕ و لاواز و باریک و بە هەمان کراسە خەتخەتییەکەتەوە (کە جاران زۆرت لێدەهات) پیلی ڕاستمت بە پەنجە بێهێزەکانت گرتبوو و جگەرە لە دوای جگەرە، قسەت لە قسەدا دەکرد. چەندە قسەت پێ بوو تۆ لەو ئێوارەیەدا؟ ئەویش بۆ من کە سەرم سوڕ مابوو لەم تەرزەت و هەر کە ئاوڕم لێت دەدایەوە، قایشی پانتۆلەکەتم دەبینی کە دەتگوت بە دەوری کەمەرتەوە هەڵپێچرابوو. «چەندە زوو، هێندە لاواز بووبوویت، تۆ؟...» بیرم دەکردەوە و تۆیش لووتبەرز و تێکشکاو، لە زەمانە و زەمان و زمان و گێڕانەوە و نووسین و بیستۆکە شاردراوەکانی نێو دیوارەکان و تەلەفۆنە هارەکان و زەندەقچوون لە دەرچوون و دڵەکوتەی دەرنەچوون و کۆبوونەوە و تەنیابوون و ڕفاندنی مرۆکان دەدوایت و:«قەت لە مێژوودا وێنەی نەبووە!»پاشان هەناسە لە سینگتدا بوو بە گرێ و لە قورگتەوە هەڵکشا: «خۆ پەلەتان نییە؟» نەمانبوو. نیگەرانی تۆ بووین. «تۆ جگەرەیەک داگیرسێنە!» گوتم: «تۆ ئاخر...» دەرفەتت نەدام: «بەس قومێکی لێدەدەم. پێکەوە دەیکێشین.. ئەم شتانە.. بەڵێ. دەبێ سەرلەبەریان بنووسرێنەوە. ئەم تاریکییە دەبێ تۆمار بکرێ. دەبێ نەهاتووان لە داهاتوودا بزانن چیمان بە سەر هاتووە.. ترسناک بوو. تۆ بیری لێ بکەرەوە! دوای خنکاندن و فڕێدانی مەیتی فڵانەکەس لە ژێر پردەکەی نازانم کوێ و پاش دۆزینەوەی مەیتەکەی و ناژتنی لە فڵان گۆڕستاندا، شەودرەنگانێک تەلەفۆنی ماڵەکەیان لێدەدرێ...» کۆکین شانەکانتی لەرزاند و: «هەموویان لە خەودا بوون. کوڕە شازدەساڵانەکەی تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێ: هەلۆ؟.. دەنگی کابرایەک دەپرسێ: دەزانی کێ باوکتی کوشتووە؟ خۆیشی ناناسێنێ. کە چەند جارێک کوڕە لێی دەپرسێ؟ دەڵێ، بۆ نموونە: حەسەن، یان حوسێن. گرنگ نییە. ئێستا دەزانی کێ باوکتی کوشتووە؟ کوڕە دەڵێ: نا. دەنگی کابرا دەڵێ: فیلمی ڕێورەسمی ناژتنەکەی باوکتان هەیە؟ هەیانبوو. دەڵێ: بڕۆ بیهێنە و دانیشە بە وردی سەیری بکە. لە کۆتایی فیلمەکەدا و ڕێک لەو شوێنەی کە خەریکن خۆڵی بەسەردا دەکەن، پیاوێک دێتە نێو کادری کامێراکەوە کە تەنیا پشتی دەبیندرێ. قەمسەڵەیەکی ڕەشی لەبەرە و دووجاریش دادێتەوە و سەیری نێو گۆڕەکە دەکا...» پیلی ڕاستمت بە پەنجە ڕەق و لاوازەکانت گرت و سەرم هەڵبڕی: چەق وەستابوویت، وەکو قەڵەمێک: «دەنگی کابرا گوتوویەتی: ئەو کەسە، منم. ئێستا تەلەفۆنەکە دابخە و بڕۆ فیلمەکە بێنە و سەیری بکە!» پاشان بەس جگەرەت کێشا و هیچت نەگوت و من و حوسێن لە بێدەنگییەکەی تۆدا سەبر سەبر هەنگاومان هەڵێنا و ئێوارەیش شێدارتر و تاریکتر و هەتیوتر بووبوو و ئێستا گەیشتینە شوورە چیمەنتۆییەکەی پشت گەڕەکەکەتان کە ئەودیوی شەقامێکی سەرەکی بوو و پڕ بوو لە هەراوزەنای تێپەڕینی ئۆتومبێلەکان. «جگەرەیەک داناگیرسێنی؟» گەڕاینەوە، بە هەمان ڕێگەدا کە ڕۆیشتبووین و گوتم: «تۆ ئاخر...»



**بەڕۆژ ئاکرەیی ـ هوشەنگ گوڵشیری**

گوتت: « تاوێک دواتر، سەرلەنوێ تەلەفۆن دەکاتەوە. کوڕە دیسان بیستۆکی تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێ. کابرا دەپرسێ: بینیت؟ ئەو کەسەت بینی کە قەمسەڵەیەکی ڕەشی لەبەرە و دووجاریش دادێتەوە و سەیری نێو گۆڕەکەیدەکا؟ ئەوە منم. من پەتم خستە ملی باوکت و خنکاندم و فڕێمدایە ژێر پردەکەوە. ئێستا بڕۆ، دایکت بە ئاگا بێنە و پێی بڵێ...» پاشان دیسان جگەرەت کێشا و کە مژت لێی دەدا، گۆنا هەر لە ناکاو داچەکاوەکانت و بڕۆ تەڵخەکانت نارنجی دەچوونەوە: «ئەمانە.. بەڵێ.. ئەمانە هەر هەموویان دەبێ تۆمار بکرێن.. دەبێ پاژ بە پاژ بنووسرێنەوە.. لە داهاتوودا...» ئێستا گەیشتبوومە گۆڕەپانێکی گەورە کە پەیکەری "ئەتاتورک" کەڵەگەت و ڕووگرژ و قاوەیی لە ناوەڕاستیدا، دانرابوو و لە شەقامەکەی بەرامبەری دەڕوانی. جگەرە لە دوای جگەرە و بە شوێن

> من هیچێک لەو دەنگ و هاوارە کە بە تورکی بوون، حاڵی نەدەبووم و تەنێ و بە تەنیا دەڕۆیشتم و بە فارسی بیرم لە ڕۆیشتنی تۆ دەکردەوە و بە کوردییش: گریان پیلی گرتبووم و لەو هەتاوە گەرمەدا و بە گوڵێکی سوورەوە دەیبردم.

ڕووگرژییەکەی ئەتاتورکدا ڕۆیشتم. کە گەیشتمە چوارڕێی دووهەم، یان سێهەم، دەنگی هلیکۆپتەرێک هات و هەراوزەنای خەڵکەکە بەرزتر بووەوە و پۆلێک کۆتری سپی، هەر لە ناکاو لە ئاسمانی گەرم و شیندا خولانەوە. ئۆتومبێلێکی ڕەش، هێدی هێدی و لەبەر خۆرەتاو و بە پێش ئاپۆرەی خەڵکەکەدا هاتە پێشەوە. تابووتێک لە ئاڵای تورکییەدا وەرپێچرابوو و لەسەر بانی ئۆتومبێلەکە بوو. لەسەر تابووتەکەیش، چەند تاجێکی گوڵین و وێنەیەکی "نازیم" بە قژی ڕەش و بزەیەکی کۆنەوە داندرابوو. کچێک بە کراسێکی سپی و تەنوورەیەکی سوورمەییەوە هات؛ سەوەتەیەک گوڵی سووری پێبوو و دەگەیشتە هەر کەسێک گوڵێکی دەدایە دەست. بڵیندگۆ شتێکی بە تورکی گوت و ئاپۆرەی خەڵک هەمان شتیان کردە هاوار و گوڵەکانیان بەرەو تابووتەکە ڕاوەشاند. کە گوڵەکەم وەرگرت، کچە شتێکی گوت و من تەنێ سەرێکم بۆی لەقاند و شان بە شانی خەڵک و بەدوای تابووتەکەدا ڕۆیشتم، کە دەخزا و دەڕۆیشت. پاشان ئۆتومبێل و خەڵکەکە پێچیان کردەوە هەمان لا کە ڕووگرژییەکەی ئەتاتورک، کەڵەگەت و قاوەیی لە کۆتاییەکەیدا وەستابوو. منیش لە نێوان ئەو هەموو دەست و هاوارەدا ڕۆیشتم و کە گەیشتمە ڕووگرژییەکەی ئەتاتورک، دەنگی خەڵک پێل بە پێل ڕۆیشت و پێل بە پێل دەنگی دایەوە و من هیچێک لەو دەنگ و هاوارە کە بە تورکی بوون، حاڵی نەدەبووم و تەنێ و بە تەنیا دەڕۆیشتم و بە فارسی بیرم لە ڕۆیشتنی تۆ دەکردەوە و بە کوردییش: گریان پیلی گرتبووم و لەو هەتاوە گەرمەدا و بە گوڵێکی سوورەوە دەیبردم.

**ئاغای گوڵشیری!**